# كورتە هەڵسەنگاندنێكی شەش كار لە لێكۆڵینەوەی "ئاوەڵناو"دا

د. ئەورەحمانی حاجی مارف
بەشی كوردی - كۆلێجی پەروەدە
زانكۆی بەغدا

لە نێو زمانەوانانی كورددا بەر لە هەر كەس مامۆستا سەعید صدقی كابان لە كتێبی «مختصر صرف ونحوی كوردی»دا بەناوی «صفت»ەوە لەو كێشەیە دواوە . . . [1] لەم نووسراوەدا باسی ئاوەڵناو بە پێناسەیێك دەست پێ كراوە، كە دەڵێ : «صفت - اسمیكە حال و شان اسمەكەی پێش خوی بیان دەكا بەو اسمە دەلین موصوف، بە هردوكیان دەلین تركیب توصیفی» (ل ٢٥) . ئەگەرچی ئەم پێناسە هەندێ ناتەواوی تێدایە و زۆر تەواو نی یە، بەڵام لە گەلێك لەو پێناسانەی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ئاوەڵناو دانراون ڕاستترو لەبارترو گونجاوترە .

بەدوا ئەو پێناسەیەدا كەمێك لە دیارخراو (كە ئەو «موصوف»ی پێ وتووە) دواوە (ل ٢٥)و ئەوەی ڕوون كردۆتەوە، كە چۆن بەیاریدەی نیشانەی (ی) بە دیارخراوەوە دەبەسترێتەوەو سێ حاڵەتی دیاری كردووە :

١ - «موصوف دائما ژیردار نەبی بشرطی اخر حروفەكەی لە حرفان املا نەبی . وكو (قلم دریژ ، كاغذ سپی ، منداڵ زیرك ، او سارد» (ل ٢٥) .

واتە - ئەگەر دیارخراو كۆتایی بە هەر دەنگێكی نەبزوێن بێ ، ئەوە كورتە بزوێنی (ی)ی دەچێتە سەر، وەك : (قەڵەمی درێژ ، كاغەزی سپی ، منداڵی زیرەك، ئاوی سارد) .

٢ - «واگر اخر حرف موصوف لە حرفان املا بو لە باتی ژیر (ی) دادەنری . بەو (ی)یە دەلین (ی)ی وصفی وكو بە ژیرەكە دەلین ژیر وصفی . وكو (باڵای بەرز، بەروی شیرین، تریی سپی ، تختەی رش» (ل ٢٥) .

واتە - ئەگەر دیارخراو كۆتایی بە دەنگی بزوێنی (ا، وو، ێ، ی) بێت، ئەوە بزوێنی (ی) دادەنرێ .

٣ - «لكن اگر اخر حرف موصوف (ی)ی راست بو وەكو (شوتی ، تروزی) بو خاتری سوكی (ی)ی وصفی پیوە نانوسینری . وەكو (شوتی سور، تروزی ناسك» (ل ٢٥ - ٢٦) .

واتە- ئەگەر دیارخراو كۆتایی بە دەنگی بزوێنی (ی) بێت، ئەو كاتە نیشانەی ئیزافەی (ی) لە تەلەفوزدا دەرناكەوێ .

ئەگەرچی مامۆستا سەعید صدقی كابان تەنیا باسی نیشانەی (ی)ی كردووەو بە لای ئەو نیشانانەی تردا نەچووە كە دیارخەرو دیارخراو بەیەكەوە دەبەستن ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستی یە لەیاد نەكەین باش بۆ مەسەلەكە چووەو بۆچوونەكەی لەگەڵ هەڵكەوتی زمانی كوردیدا دەگونجێ . . . ئەوەی لێرەدا جێگەی ڕەخنەبێ ، تەنیا دوو سەرنجە كە لە بەشی دووەمی ئەم باسەی پەیدا دەبێ :

١ - نووسەر وای داناوە، ئەگەر دیارخراو كۆتایی بە دەنگی بزوێن بێت، بزوێنی (ی) وەردەگرێ . بەڵام لە ڕاستیدا وا نی یەو نیشانەكە دەبێتە (ی - y)، نەك (ی - î) .

٢ - نموونە بۆ دیارخراوی كۆتایی هاتوو بە بزوێنی (ۆ) نەهێنراوەتەوە .

مامۆستا سەعید كابان بەدوا ئەمەدا، ئەوە ڕادەگەیەنێ ، كە «موصوف چە مفرد، چە جمع بی صفت هر مفرد دەبی . وكو (منداڵ زیرەك، منداڵان زیرەك)و نابیژ ری (منداڵان زیرەكان) » (ل ٢٦) . . . ئەگەرچی ئەمە وایە، بەڵام نووسەر دەبوو پەنجە بۆ ئەوەش ڕابكێشێ ، كاتێ دیارخراو بە یاریدەی (ە) بە دیارخەرەوە دەبەسترێت، دیارخەرەكە - واتە ئاوەڵناوەكە دەبێتە كۆ [2] وەك .

هەڵووژە كاڵەكان لە دارەكە كەوتنە خوارەوە .

لەبارەی جۆرەكانی ئاوەڵناویشەوە نووسیویە : «صفت - دو قسمە (١) سماعی . (٢) قیاسی»و ئنجا بەجیا باسی هەریەكێكیانی كردووە و لە پەیدابوونیان دواوەو پێناسەی بۆ داناون . . . (ل ٢٦) . ڕەنگە ناونانی جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕووی زاراوەوە پڕ بە پڕی خۆی نەبێ ، بەڵام لە دابەش كردن وڕۆنان و

ـــــه بۆ دانـانیـانـدا بە گشتی سەرکـەوتـووە و بەپێی هەڵکەوتی زمانی کوردی ـەکەی دارشتووە.

ـە کۆتاییشدا بە کورتی لە پلەی بەراوردو پلەی بالاّ دواوەو بۆ پلەی بەراورد، کە ـە (صفت تفضیلی)ی ناوناوە (تر)ی دیاری‌کردووە. بۆ پلەی بالاّش، کە ئەو بە صفت عالی)ی ناوبردووە (ترین)ی دەست نیشان کردووە.

ـەگشتی ئەو چەنـد لاپـەڕەیـەی خاوەنی کتێبی «مختصـر صرف و نحـوی ـوردی» لەبـارەی ئاوەڵنـاوەوە نووسیـویەتی، لەگەڵ کەمی و باس نەکردنی هەندێ ـەی گرنگ و بوونی چەند ناتەواویشدا نرخ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

ـ ـەی گەورەو مەزنی کورد ـ مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی»دا لەژێـر سەرنـاوی «سفـەت»دا کۆڵیـوەتـەوە [3] و لە سەرەتادا پێنج جۆر ـەی ـی دیاری‌کردووە: «١ ـ سفەتی چۆنی، ٢ ـ سفەتی نیشانی، ٣ ـ سفەتی ـەمی، ٤ ـ سفـەتی موبهـەم، ٥ ـ سفەتی پرسی» و دوایی لە هەر یەکێکیان بە ـورو درێژی دواوە.

ـووسـەر باسی جۆری یەکـەمی ئاوەڵنـاوی بە سەرباسی «وەزیفەکانی سفەتی چۆنی» دەست پێ‌کردووە (ل ٦٢) و دوو ئەرکی: «١ ـ ئەبێتە تەواوکەری ناو... ٢ ـ ئەبێتە تەواوکەری باسی ناتەواو» بۆ دەست نیشان کردووە...» [4] بەدوا ئەمەدا ـە چەند دێرێك دەربارەی هاتنی ئاوەڵناوی چۆنێتی بەدوا ناودا دواوەو ئەوەی وتووە کە ناوەکـە (ی)ی ئیـزافـە وەردەگـرێ (ل ٦٢ ـ ٦٣). لەژێر سەرباسی «ئەداتی تەعـریف لەگـەڵ ناوی بە سفـەت تەواوکـراوا» (ل ٦٣)دا لە دوو حاڵـەت دواوە: حاڵەتی یەکەم، کە دەڵێ: «ئەداتی تەعریفی موبهەمی (ێك) ڕاستەوخۆ ئەخرێتە ـوی ناوەکـەو، وەکـو: منداڵێکی زیرەك... » لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوە. بەڵام حاڵـەتی دووەم، کە نووسیـویەتی: «بۆ ئەوە کە ناوێکی بە سفـەت تەواوکـراو بە ئەداتی تەعـریفی مەعیـەن تەعـریف بکـرێ ئەبێ لە پێشـا بخـرێتە شکڵی ناوی ـێکـدراوەوە، ئەمجـا ئەداتـەکـەی تەعـریفیـان لەسـەر دابنـرێ، وەکـو: منـاڵـە زیـرەکـەکـە...» ئەگەرچی ڕاستە نموونەی وەك «مناڵە زیرەکەکە...» لە شێوەی پێکهـاتنی ناوی لێکـدراوی، وەك «گـوڵەباخ...» دەچێ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکـەین کە (ە)ی نێـوان «گـوڵ» و «باخ» ناوبەندەو هەرچی (ە)ی دوای «منداڵە» نیشـانـەی ئیـزافـەیـە. جا ڕاستـر وابـوو مامۆستا وەهبی چۆنێتی هاتنی نیشانەی نەسیـاوی و نەنـاسیـاوی لەگـەڵ ناوی بە ئاوەڵنـاو تەواوکـراودا ببـەستایە بە جۆری بەکارهێنانی نیشانەکانی ئیزافەوە.

نووسەر لەباسی «گەل کردنەوەی ناوی بە سفەت تەواوکراو» (ل ٦٤)یشدا وای داناوە، کە «مناڵە زیرەکەکان...» شێوەی ناوی لێکدراوە.

لەژێـر سەربـاسی «دروست کردنی سفەتی چۆنی»دا لە ڕۆنانی ئاوەڵناو دواوەو شایانی باسە، کە سێ جۆر (سادە، داڕێژ راو، لێکدراو)ی دیاری‌کردووە (ل ٦٤ ـ ٧٠).

لە بەشی ئاوەڵنـاوی داڕێـژ راودا، کە ئەو «سفـەتی دروست کراو»ی پێ‌وتـووە وای باس کردووە کە «ئـەتـوانرێ لە ناوو فیعل هەندێ سیفەتی چۆنی پەیا بکرێ» (ل ٦٤) و دواتریش هەندێ لەو پاشگرانەی دەست نیشان کردووە، کە دەچنە سەر ناو یان کرداری سادەو دەیـانکـەنـە ناوو ئاوەڵنـاوی داڕێژ راو... لەم باسـەدا سێ ناتەواوی بەرچاو دەکەوێ:

١ ـ نووسەر وای یادداشت کردووە، کە تەنیا لە ناوو کردار دەتوانرێ ئاوەڵناوی داڕێژ راو ڕۆبنرێ، بەڵام وەك ئاشکرایە، لە ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداریش سازدەکرێن.

٢ ـ ئەگـەرچی باسی بەشێکی زۆر لەو پاشگـرانـە کراوە، کە یاریدەی ڕۆنانی ئاوەڵناوی داڕێژ راو دەدەن، بەڵام چەند پاشگرێکی زۆر چالاك هەن ناویان نەبراوە.

٣ ـ ڕاستـە لە ڕۆنـانی ئاوەڵنـاوی داڕێژ راودا پاشگر دەوری سەرەکی دەبینێ، بەڵام پێشگریش (ئەگەرچی کەمتر) دەورێکی دیار دەبینێ وکەچی مامۆستا وەهبی ئەوەی یادداشت نەکردووە.

نووســـەر دوا بە دوای باسی ئاوەڵنـاوی داڕێـژ راو لە «دروست بوونی سفـەتی چۆنی لێکـدراو» (ل ٦٨ ـ ٧٠) دواوەو زۆر بـەی شێـوە پێکهاتـە جۆربەجۆرەکانی ئاوەڵنـاوی لێکـدراوی دەست نیشـان کردووە. ئەگەرچی ئەم باسە لەسەر بناغەی کەرەستـەیێکی تێـرو بەرفـراوانی زمـانی کوردی بنیات نراوەو سەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو تێبینی هەیە، کە ناکرێ نەخرێنەبەر چاو:

١ ـ نووسەر وشەکانی «نارێك، ناپاك» «بەدەس» «بێ‌کەس» «هاودەنگ» یشی بە ئاوەڵنـاوی لێکـدراو دانـاوە، بەڵام دەبینین، ئەو وشـانە لە پێشگرێك و وشەیێکی واتادار پێکهاتوون، جا کەواتە ئاوەڵناوی داڕێژ راون. هەرچی ئاوەڵناوی لێکدراوە وەك مامـۆستـا وەهبی خۆیشی لە پێنـاسەکەیدا وتوویە: «ئەو سفەتانەن کە لە دوو یان لە دوو پتر کەلیمە دروست بوون» (ل ٦٧).

٢ ـ چەند شێوە پێکهاتنێکی دیارو ئاشکرای ئاوەڵناوی لێکدراو باس نەکراوە.

لە لاپـەڕە (٧٠ ـ ٧١)دا لەژێـر سەربـاسی «سفـەتی چۆنیی بچـووك کراو»دا باسی هەنـدێ لەو پاشگـرانـە کراوە کە بۆ بچـووك کردنـەوە یان گەیـاندنی واتای نازداری بەکـاردەهێنـرێن... ئـەم باسـە دەبـوو بخـرێتـە نێـو باسی ئاوەڵنـاوی داڕێـژ راوەوە، چونکـە تێکـڕای ئەو نمـوونـانـەی نووسـەر هێنـاوینـەتەوە بوونەتە ئاوەڵنـــاوی داڕێـــژ راو... دواتـر کێشـەی «سفـەتی چۆنیی وەکـو ناو بە کەڵـك نەهێنـرێ» (ل ٧١) بە چەند دێرێك باس کراوەو ئەمجا بەناوی «پایەکانی سفەتی چۆنی» (ل ٧١ ـ٧٢)وە لەمـەڕ پلەکـانی ئاوەڵنـاوەوە کۆڵراوەتەوە. ناتەواوی هەرە دیـاری ئەم باسـە لەوەدایـە، کە ناوی نیشانەی (تر + ین)ی ئاشکراو دیاری پلەی بالاّ نەهێنراوە...

مامـۆستـا تۆفیق وەهبی لە لاپەڕە (٧٢)دا لە باسی ئاوەڵناوی چۆنێتی بووەتەوەو لە لاپەڕە (٧٣)وە کەوتۆتە لێدوان لەو چوار جۆرەی تری ئاوەڵناو، کە لە سـەرەتادا ناومـان بردن... لێـرەدا نامـەوێ لەو باسـانـە بدوێم، چونکـە زۆربـەی زۆری نمـوونـەکـانی ئەو چوار جۆرەی‌دی، کە نووسـەر بە ئاوەڵنـاوی دانـاون، ڕوون و

ئاشکرا دیارن، کە بەشە ئاخاوتنی جێناو یان ژمارەن. جا لەم شوێنەدا مەودای ئەوە نی یە چەندین لاپەرە بە رەت کردنەوەی ئەو بۆچوونانەوە رەش بکەمەوە.

ئەگەرچی ئەو جۆرە ناتەواوی‌یانەو هەندێکی تر لە نووسراوی ناوبراودا بەدی دەکرێن، بەڵام ئەمانە بایەخی ئەو کارە دێرینە کەم ناکەنەوەو وێرای ئەوەش رووە باشەکەی هەموو کەم و کورتی‌یەکانی شاردۆتەوە.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لەو کتێبەیدا کە بە ناوی «ڕێزمانی کوردی»ی [٥] لەژێر سەرباسی (ئاوەڵناو)دا لەو کێشەیە دواوە ئەمیش وەك مامۆستا تۆفیق وەهبی بەسەر پێنج جۆردا دابەشی کردووە:

«١ - ئاوەڵناوی خەبەری؛ ٢ - ئاوەڵناوی ئیشاری؛

٣ - ئاوەڵناوی فرمانی؛ ٤ - ئاوەڵناوی چەندی؛

٥ - ئاوەڵناوی پرسیاری».

نووسەر لە سەرەتادا لە ئاوەڵناوی چۆنێتی (کە ئەو- ئاوەڵناوی خەبەری- پێ وتووە) دواوە. پاش پێناسەکردنی بەسەر سادەو لێکدراودا دابەشی کردووە... وا چەند کەم و کورتی‌یێکی ئەم بەشە دەخەینە روو:

خاوەنی ئەم بەرهەمە ئاوەڵناوی دارێژراوو لێکدراوی وەك یەك تەماشاکردووەو لە یەکتری جیانەکردوونەتەوە. بەوێنە هەندێ ئاوەڵناوی دارێژراوی بە لێکدراو داناوە، وەك: «بەهێز، بەجەرگ، بەگوڕ... نەمر، نەبەز، نەخۆر... نارەسەن، نارێك... بێ هێز... بەختیار... تەقلەباز... نوێژکەر... (بڕوانە ل ١١٢ - ١١٣).

هەرچەندە نووسەر زۆربەی زۆری ئەو حاڵەتانەی ئاوەڵناوی ناسادەیان لێ پەیدادەبێ یادداشت کردووە، بەڵام هەندێ حاڵەتی ئاشکراو گرنگ هەیە تۆماری نەکردووە... وێرای ئەوە لەدیاری کردنی بەشە پێکهێنەکانی هەندێ وشەی ناسادەدا هەڵە دەبینرێ. بەوێنە وای داناوە، گوایا وشەکانی «دوودڵ... چوارچاو» لە (ئاوەڵناو + ناو) پێکهاتوون (ل ١١٢). ئاشکرایە (دوو... چوار) بەر لە هەموو شتێك ژمارەن. دەربارەی وشەی «بێ هێز» وای راگەیاندووە، کە لە (ئاوەڵکردار + ئاوەڵناو) رۆنراوە (ل ١١٣). (بێ) بە رەسەن پێشبەندەو لێرەدا بووە بە پێشگرو هەرگیز نە دەبێتە ئاوەڵکردارو نە دەوری ئاوەڵکردار دەبینێ. هەرچی وشەی «هێز»یشە ناوە، نەك ئاوەڵناو. کەواتە وشەی «بێ هێز» لە (پێشگر + ناو) پێکهاتووە، نەك لە (ئاوەڵکردار + ئاوەڵناو)... هتد.

بەدوا ئەو باسەدا ئنجا لەبارەی «پلەکانی ئاوەڵناوی خەبەری»یەوە دواوەو بەسەر سێ پلەی (چەسپیو، بەراورد، باڵا)دا دابەشی کردوون و پێناسەی بۆداناون وشەرحی کردوون و نموونەی بۆ هێناوەتەوە (بڕوانە: ل ١١٤ - ١١٥). ئەم بەشە تێکرا زانستی‌یانەو سەرکەوتووەو تەنیا کەمێ ناتەواوی لە هەندێ پێناسەو نموونەدا بەرچاوەکەون.

کاتێ نووسەر هاتۆتە سەر باسی ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناوی چۆنێتی، دەبینین (٢٣) پاشگری دیاریکردووە (ل ١١٦ - ١٢٠)... ناتەواوی ئەم بەشە بریتی‌یە لە:

١ - ناونەبردنی هەندێ پاشگر، وەك (مەنی - ساردەمەنی...)؛ (اك - رووناك...)... هتد.

٢ - هەڵەکردن لە دیاریکردنی شێوەی هەندێ پاشگردا بەنموونە نووسەر (ی)و (یی) بە دوو پاشگر داناوەو وشەی «هەژاری»و «ئازایی» بە نموونە بۆ هێناوەتەوە. بەڵام وەك ئاشکرایە، ئەمانە یەك پاشگرن، کە ئەویش (ی)یە. حاڵەتی دووەمیان ئەوەیە کە بەپێی دەستووری فۆنەتیکی کوردی نیمچەبزوێنێك لە نێوان دوو بزوێندا پەیدابووە...

٣ - دانانی وشەکانی «چلك، شەرم» بە ئاوەڵناو... هیچ گومان لەوەدا نی یە، کە ئەو وشانە ناون.

٤ - لە زمانی کوردیدا جگە لە پاشگر چەند پێشگرێکیش هەن دەچنە سەر ئاوەڵناو و نووسەر بە هیچ چەشنێك ناوی نەبردوون.

... و هەندێکی تر.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە لاپەرە (١٢١)دا بەناوی «ئەرکی ئاوەڵناوی خەبەری چی‌یە لە رستەدا؟» دواوەو لە لاپەرە (١١٢)ەوە هاتۆتە سەر باسی ئەو چوار جۆرەی تری ئاوەڵناو، کە لە سەرەتادا ناومان بردن. لەبەر ئەوەی لێدوان لە «ئەرکی ئاوەڵناو لە رستەدا» دەچێتە بەشی رستەسازی‌یەوەو زۆربەی هەرە زۆری باسی ئەو چوار جۆرەی تری ئاوەڵناویش، کە نووسەر کردوویەتی، پێوەندی بە ئاوەڵناوەوە نی یە، بۆیە هەڵیان دەگرین بۆ شوێنی پێویستی خۆی...

لەگەڵ نیشاندانی ئەو ناتەواوی‌یانەشدا، راست وایە، ئەوە لە یاد نەکەین، کە بەرهەمەکانی مامۆستا نووری عەلی ئەمین تاکو ئەمڕۆ نرخ و بایەخیان بەردەوامەو هێشتا هەر لە ریزی پێشەوەن.

نووسەری کتێبی «آوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی» [٦] لە لاپەرە (٢٩ - ٣٠)دا بەناوی «پەسن»ەوە بە چەند دێرێك لە ئاوەڵناو دواوە. لە سەرەتادا بە پێناسەیێك دەستی پێ کردووە، کە دەڵێ: «پەسن: ئەوە کۆبۆی پەسنێ (کەس) یان (تەبا) یان (تشتکی تێ کردن، وەك: بارامێ (سۆر)، گای (رەش)...». بەدوا ئەمەدا «پەسن» دەکا بە دوو بەشەوە: «١ - پەسنێ راستی؛ ٢ - پەسنێ چێکروخی». بۆ «پەسنێ راستی» چوار جۆری دیاریکردووە: «١ - تام: شۆر، شیرین...؛ ٢ - رنگ: سۆر، سپی...؛ ٣ - کیمیاسی: کن، کورت...؛ ٤ - زێدای: درێژ، ستور...». هەرچی بۆ «پەسنێ چێکروخی»یشە ئەم نموونانەی: «گەرناسی، سواری، جوانی» هێناوەتەوە. ئەمە سەرپاکی ئەو باسەیە، کە مامۆستا جگەرخوێن لە بەشی ئاوەڵناودا لێی دواوە... وێرای ئەو پێناسە ناتەواوەو ئەو دابەش کردنە نامەنتیقی‌یەو ئەو هەموو هەڵە زۆرە، هەڵەیێکی یەکجار گەورە لەوەدا دەبینرێ، کە سێ وشەی «گەرناسی، سواری، جوانی» بە ئاوەڵناو داناوە. ئەو وشانە، کە ئەسڵەکەیان «گەرناس، سوار، جوان»ە پاشگری (ی)ی ناوی مەعنایان چووەتە سەر. ئەم پاشگرە لەگەڵ پاشگری (ی)ی سیفەی نیسبی جوداوازن - واتە دوو پاشگری سەربەخۆن و هەر یەکەیان لە سەرچاوەیەکەوە هاتووەو ئەرك و دەوری جوداواز دەبینن. وێچوونی شێوەیان بووەتە هۆی ئەوەی

...ت جگەر خوێن بە یەك پاشگریان تێ بگا[7].

...ج ڕاكێش ئەوەیە، پاش (٣٥) لاپەڕەیێك و دوای چەندین باسی ... جۆر ئنجا نووسەر لە لاپەڕە (٦٥ - ٦٦)دا لە پلەی بەراورد دواوەو ئەم ...ی چ لە ڕووی ناوەرۆك و چ لە ڕووی زاراوەوە پڕ هەڵەو كەم و كورتی یە. . ... ڕووی ناوەرۆكەوە، ئەوەیە كە بە شێوەیێكی شێواندراو باسی نیشانەی (تر)ی ...ەوە هیچ حاڵەتێكی دی ناو نەبردووە. ئەوەی پێوەندیشی بە زاراوەكانی ئەم ...ە هەیە نادروستە. بەوێنە بە پلەی بەراوردی وتووە «بیتر ناف». بەم پێ یە ئەو ...ە ناتوانێ وشەكانی «كەمتر، نزمتر، خراپتر. . .» بگرێتە خۆ. . . سەرەڕای ...و ئەوەش نووسەر بە هیچ چەشنێك ناوی پلەی باڵای نەهێناوە. ئەمەو ... باسی دی، كە پێوەندییان بە ئاوەڵناوەوە هەیە لە كتێبی ناوبراودا بەرچاو ...ن.

...ستا محەمەد ئەمین هەورامانی لەو كتێبەیدا كە بەناوی «سەرەتایێك لە ...ی زمانی كوردی»یەوە بڵاوی كردووەتەوە لە هەندێ كێشەی ئاوەڵناو ... ئەمیش وەك نووسەرانی دیكە باسەكەی بە پێناسەی ئاوەڵناو ...سەر سەرەوە دەڵێ: «ئاوەڵناو شتێكە، كە تاریفی ناو یا ڕاناو دەكات، وە بۆی ...ە كە: ١ - یەك وشە بێت، وەك: نەرمین زیرەكە. . . ٢ - كە بتر بێ لە ...شەیێك، ئەو كچە، قژ زەردە جوانە، دۆستمە. . ٣ - كە ڕستەیێك بێ، وەك: ...كچەی دوێنێ هات بۆ لای مامی، قوتابی یە» (ل ١٦٣ - ١٦٤). بە ڕای من ...ە پێناسەیە، نەك هەر زۆر نادروستە، بەڵكو ناڕێك و لەنگیشە. بەر لە هەرشت ...ست نی یە بووترێ ئاوەڵناو «شتێكە»، بەڵكو ڕاستر وایە بووترێ ...ەیەكە». . . ئنجا ئاوەڵناو نەك ئەركی تەنیا تاریفی ناویان ڕاناونی یە، بەڵكو ...ە ئەحاوتێكە واتای چۆنێتی و خاسیەت و دەلالەتیش ڕادەگەیەنێ . . . جۆرە ...ریێكی وەهاش، كە گوایا ئاوەڵناو بۆی هەیە «بتر بێت لە وشەیێك» یان «ڕستەیێك بێ» زۆر نابەجێ یە، چونكە وشەكانی «زەرد»و «قژ زەرد»و «جوان» تاكە ...كە ئاوەڵناون و كاتێ پێكەوە دێن، ئەویش بە یاریدەی جێناوی (ە)ی كەسی سێیەم، دەبنە دەستەواژەیێك كە واتای وەسفی تێدابێ. . . خۆ هەرچی ڕستەی ...وێنێ هات بۆ لای مامی»یشە ڕاستە بەپێ ڕێزمانی ئینگلیزی دەوری ئاوەڵناو ...بینێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە نموونانە لە دەوری ڕستەسازیدان، نەك ... مەودای ڕۆنانی ئاوەڵناودا، كە سەر بە باسی وشەسازی یە. . . لێرەدا هەرچی ...شەی «قوتابی»یە كە لە دوای ئەو ڕستەیەوە هاتووەو كە بە ڕەسەن ناوە، دەوری ...ئاوەڵناو دەبینێ.

هەرچی پەراوێزی (١٢٤)یشە، كە لەسەر پێناسەی ئاوەڵناو دایناوەو تێیدا ...ێ: «ئاوەڵناو، ئەگەر لە پاش ناوەوە یا ڕاناوەوە هات ئەو كاتە بێ زیادو كەم لە ...ەدا لەگەڵیاندایە (تاك یا كۆ)، واتا ئەگەر (ناوەكە) یا (ڕاناوەكە) تاك بێ، ئەوا ئاوەڵناوەكەش تاكە، ئەگەر كۆ بێ، ئەمیش كۆیە، وەك:

ئەو ئازایە (تاك). ئەوان ئازان (كۆ). وەختێ واش هەیە كە (ئاوەڵناو) لەپێش (...وەوە) یا (ڕاناوەوە) دێت، وەك:

١ - ژمارەی پێش ناو: شەش تەن گەچم كڕی.

٢ - ئاوەڵناوی پێش ڕاناو: ئەو پۆلیسە پیس نەفەرە» (ل ١٦٣). پڕ هەڵەو ناتەواوی‌یەو سەرنج بۆ بەشێكیان ڕادەكێشین:

١ - ڕاست نی یە بوترێ، ئەگەر ناویان جێناو تاك بێ، ئەوە دەبێ ئاوەڵناوەكەش تاك بێ؛ یاخود ئەگەر كۆ بن، دەبێ ئەمیش كۆ بێ. . . وەك ئاشكرایە، لە زمانی كوردیدا گەلێ حاڵەتی ئەوتۆ هەیە كە ئەم بۆچوونەی مامۆستا هەورامانی ڕەت بكەنەوە. بەر هەر شت پەنجە بۆ ئەوە ڕادەكێشم كە مامۆستا سەعید صدقی كابان لە لاپەڕە (٢٦)ی كتێبی «مختصر صرو ونحوی كوردی»دا نموونەی «منداڵانی زیرەك»ی هێناوەتەوەو دەشڵێ: «نابیژ ڕێ (منداڵانی زیرەكان)»[9] . . . ئەوەتە وشەی «منداڵان» ناوەو كۆیە، بەڵام «زیرەك»، كە ئاوەڵناوە تاكە. . . جا نەك هەر دەشێ ناو كۆ بێ و ئاوەڵناوەكەش تاك، بەڵكو لە كوردیدا پێچەوانەی ئەمەش هەیە، واتە وا ڕێ دەكەوێ ناوەكە تاكە ئاوەڵناوەكە كۆ. ئەوەتە پیرەمێرد دەڵێ:

ئەستێرە بەرزەكان ئەدرەوشێنەوە به شەو
وەك من بە داخەوەن، نەسرەوتیان هەیەو نە خەو

(پیرەمێرد، ل ١٠٦)

هەروەها گۆرانیش وتوویە:

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەڕت،
كوا باڵە تیژەكانی نیگای حوسنی دلبەرت؟

(گۆران، ب. ل ٢١)

٢ - لە ڕستەی «شەش تەن گەچم كڕی»دا وشەی «شەش» ژمارەیە، نەك ئاوەڵناو. جا لێرەدا ژمارە پێش ناو كەوتووە، نەك ئاوەڵناو پێش ناو كەوتبێ.

٣ - ڕستەی «ئەو پۆلیسە پیس نەفەرە»، كە كردوویەتی یە نموونەی هاتنی ئاوەڵناو لە پێش جێناوەوە، دروست نی یە. وەك ئاشكرایەو وەك نووسەر خۆی دیاری كردووە لەو ڕستەیەدا ئاوەڵناوەكە وشەی «پیس»ە، كە لە پێش وشەی «نەفەر»ەوە هاتووە، بەڵام بە هیچ لێكدانەوەیێك وشەی «نەفەر» نابێتە جێناو. سەرباری هەموو ئەوەش لە ڕستەی ناوبراودا «پیس» و «نەفەر» دوو وشەی سەربەخۆ جیا. نین، بەڵكو بە هەردووكیان وشەی لێكدراوی «پیس نەفەر» یان پێكهێناوە.

. . . هتد.

نووسەر پاشان دێتە سەر جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوەو دەڵێ: «لە ڕووی قەوارەوە، ئاوەڵناو دەكرێ بە دوو جۆرەوە:

١ - ئاوەڵناوی ساكار:

ئاوەڵناوی ساكار بریتی یە لە یەك وشە، وەك: ئازا، سوور، زیرەك، دوو هەندێ.

ئازاد ئازایە.

دوو گوڵم لێ كردەوە.

هەندێ دەفتەرم كڕی. . . هەندێ شتم كڕی.

٢ ـ ئاوەڵناوی لێکدراو:

ئەم جۆرە پێك هاتووە لە بتر لە وشەیێك، وەك:

ڕێك و پێك. دەستکرد، بیست ویەك . . .

ئازاد ڕێك و پێکە

ئەم کورسی‌یە دەستکردە

بیست ویەك صندوق گوێزم کڕی

ئەوە زۆر نەرم وشلە (ل ١٦٤ ـ ١٦٥).

بەداخەوە ئەم بەشەش هەڵەو ناتەواوی هێندە زۆر تێدایە، کە لە توانستدا نی‌یە هەمووی بدوێین، بۆیە تەنیا بەشێکی کەمیان دەخەینە پێش چاو:

١ ـ لە باسی ئاوەڵناوی ساکاردا:

أ ـ لە پێناسەکەدا دەبوو بوترێ «برتی‌یە لە یەك مۆرفێم»، نەك مامۆستا هەورامانی واتانەنی «بریتی‌یە لە یەك وشە»، چونکە وەك ئاشکرایە، مۆرفێم بچووکترین دانەی واتاداری زمانەو هەرچی وشەشە دەشێ پێکهاتبعی لە چەند مۆرفێمێك.

ب ـ وشەی «دوو»، کە نووسەر بە ئاوەڵناوی داناوە، ئاوەڵناو نی‌یەو ژمارەیە.

ج ـ وشەی «هەندێ»، ئەگەرچی دەنوانێ وەك ئاوەڵناویش خۆی بنوێنێ، بەڵام لە ڕەسەندا جێناوەو مامۆستا نەدەبوو بە ئاوەڵناوی دابنێ:

د ـ گەلێ ئاوەڵناوی سادەی چالاك لە زمانی کوردیدا هەن و نووسەر ناوی نەبردوون.

٢ ـ لە باسی ئاوەڵناوی لێکدراودا:

نووسەر لێرەدا نەك هەر باسی ئەو هەموو حاڵەتە زۆرو هەمەچەشنانەی نەکردووە، کە لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی لێکدراویان لێ پەیدا دەبێ [10]، بەڵکو بە سێ نموونە، کە یەکێکیان ژمارەیە ئەو باسە گرنگەی پێ تەواوکردووە.

سەرنج ڕاکێشتر ئەوەشە کە نووسەر بە هیچ چەشنێك نە ناوی ئاوەڵناوی دارێژ راوی هێناوەو نە باسی کردووە. وەك ئاشکرایە لە زمانی کوردیدا ژمارەیێکی زۆر پێشگرو پاشگر هەن، کە دەچنە سەر ناوی سادەو ئاوەڵناوی سادەو ڕەگی کردار یان ناوی چاوگ و ئاوەڵکرداری سادەو دەیانکەنە ئاوەڵناوی دارێژ راو [11]. جا دەبوو ئەم کێشە پێویستە باس بکرێ . . . وێڕای ئەوە، لە باسی ئاوەڵناوی کتێبی «سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی»دا گەلێ کێشەی دی گرنگ وپێویستی سەر بەو باسە هەیە، کە نووسەرەکەی هەر ناویشی نەبردووە.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە لاپەڕە (٧٥ ـ ٩١)ی کتێبی «ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی»دا لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوی کۆڵیوەتەوە [12].

بۆ لێکدانەوەی زاراوەی ئاوەڵناوو پێناسەی ئاوەڵناو، باسی ئاوەڵناو بە گەشتێك بە هەندێ لەو نووسینانەدا دەست پێ کراوە، کە لەبارەی ئاوەڵناوەوە نووسراون . . . ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج بێ، ئەوەیە کە لیژنەی ناوبراو لە سەرەتادا بۆ پێناسەی ئاوەڵناو ڕایێکی یەکگرتوو لە نێوان ئەندامەکانیدا نەبووەو بۆیە هەر یەکە بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی پێناسەیێکی تایبەتی خۆی پێشنیار کردووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ ـ مامۆستا صادق بەهائەدین دەڵێت: ئاوەڵناو وشەیێکە وەصفی مەوصوفەکەی خۆی دەکات و مەوصوفەکەی ناو بێت یا ڕاناو یا هەر شتێکی تر بێت.

٢ ـ د. نەسرین فەخری دەڵێت: ئاوەڵناو ئەو وشەیەیە کە لە خۆیدا (وصفیە) هەیە بۆیە جۆر و چۆنیەتی (موصوف) دیاردەخات لە ڕستەداو بەمەدا لە ناو جودا دەکرێتەوە، هەروەها توانای ئەوەی هەیە جێگای ناو بگرێتەوە ئەگەر هاتو بوو بە صفەتێکی دیار یان هەمیشەیی لە مەوصوفدا، یان وەك ناو بەکار دێت بەمە هێزی وەصفیەتەکە دەردەکەوێت و بەمانەش لە ناو جودا دەکرێتەوە.

٣ ـ مامۆستا هەژار دەڵێت: ئاوەڵناو وشەیێکە لە خۆیدا مانای (وصفیة) هەیە لە ڕستەدا چۆنیەتی موصوف دەردەخات.

٤ ـ مامۆستا نووری عەلی ئەمین دەڵێت: ئاوەڵناو وشەیێکە گوزارەی (وصفیە)ی تێدایەو بۆ تەواوکردنی واتایی ناو یا ڕاناو یا ئاوەڵناوێکی تر بەکار دەهێنرێت، هەندێ جاریش لە سنووری خۆی تێدەپەڕێت و لە ڕستەدا وەك ناو یا ئاوەڵکار یا تەواوکەری فیعلی مساعد بەکاردەهێنرێت، وەك:

نازدار هات (نازدار بووە بە ناو)

بارام باش دەڕوات (باش بووە بە ئاوەڵکار بۆ وشەی دەڕوات)

پەروین جوانە

٥ ـ بیروڕای مەسعود محەمەد: وا دیارە هەموو ئەندامان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە ئاوەڵناو وشەیێکە (وصفیة)ی تێدایە. من ئەوەش دەخەمە سەر (وصفیة)و دەڵێم وشەکە دەبێ بە کاتیشەوە نەبەسترابێتەوە. بەمەدا دەتوانین بڵێین (ئاوەڵناو ناوێکە وەصفی تێدا بێ) چونکە ناو بە کاتەوە نەبەستراوەتەوە. ئەم تەعریفە بەشی (ناو) ناگرێتەوە، چونکە واتای (وصفیة) لە ناودا نی‌یە، بەو پێ‌یە تەعریفەکە بۆ تەنها بەشی (ئاوەڵناو) دەمێنێتەوە کە ئەمەش مەبەستێکی بنجییە لە دانانی تەعریفەکە (ل ٧٧ ـ ٧٨).

دوای دەربڕینی ڕای جودا جودای ئەندامانی لیژنە، لەسەر بناغەی ئەو بیروڕایەی مامۆستا مەسعود محەمەد هەندێ ڕوونکردنەوەی دی بڕیاردرا ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ ئاوەڵناو پەسەند بکرێت:

«ئاوەڵناو وشەیێکە (وصفیة)ی تێدایەو بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە» (ل ٨١).

بە پێویستی نازانم لەو بیروڕا جوداوازانە بدوێم، کە لە سەرەتادا ئەندامانی لیژنە بۆ پێناسەی ئاوەڵناو دەریان بڕیوە، بەڵکو باشتر وایە ڕا یەکگرتووە پەسەندکراوەکەو هەندێ لێکدانەوەی دەمراستی لیژنە بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە:

ئەگەرچی ڕاستە کە ئاوەڵناو (وصفیة)ی تێدایە، بەڵام ئەمە باش ئەوە ڕوون ناکاتەوە خاسیەتی شت کە ئاوەڵناو دیاری دەکا یان لەسەر بناغەی واتای لێکسیکی (سوور، لاواز، چاپووك . . .) یان لە ڕێگای پێوەندیی شت بە شتی ترەوە (کێوی بەفرین، زمانی کوردی . . .) ڕادەگەیەنرێ . . . یاخود دەبوو پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکرێ، کە ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك واتای چۆنیەتی و خاسیەت و

دەلالەت نیشان دەدات. ئەم نیشاندانەش چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازیداو چ لە تایبەتێتی وشەسازیدا ڕوون و ئاشکرا بەدیاردەکەوێ.

ئەگەر لە لاپەڕە (٨١)ی ئەو کتێبەوە، کە پێناسەی «ئاوەڵناو»ی تێداکراوە، بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕە (١٠)، کە پێناسەی «ناو»ی تێدایە، ئەوە دێتە پێش چاومان، کە ئەو بەشە ئاخاوتنەش دیسان چەمکی بەکاتەوە نەبەسترانەوە ڕەچاو کراوەو دەڵێ: «ناو ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایێك دەگەیەنێت کە بە کاتەوە نەبەستراوە. . .» (ل ١٠). لێرەدا بە پێویستی نازانم لە نادروستی گرتنی لایەنی بەکاتەوە نەبەسترانەوە بۆ ئاوەڵناو بدوێم، چونکە کاتی خۆی لە پێناسەی (ناو)دا بە دوور و درێژی لێی کۆڵیومەتەوە[١٣]. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر لەو ڕێگەیەوە بۆ پێناسەی (ئاوەڵناو) بچین، ئەوە دەبێ بۆ (جێناو)و (ژمارە)و (چاوگ)و (پێشبەند)و (ئامرازی پێوەندی)و. . . هتدیش، هەمان مەسەلەی نەبەسترانەوە بەکاتەوە لە نەزەربگرین، چونکە ئەو بەشە ئاخاوتنانەش کە ناومان بردن، هیچ کامیان بە کاتەوە نەبەستراونەتەوە.

بە ڕاستی لیژنە لەو لێدوانەیدا کە دەڵێ: «لێرەدا دەمەتەقە هەڵدەستێ لەسەر ئەوەی تیا کە وشەیەکی ئاوەڵناوی بێ گومان وەك (جوان، تێر، ئازا. . .) لە سەرەنگدا ئیشارەی بۆکرا کە (ئاوەڵناو)ە، کەچی لە ڕستەدا جێگەی پەیوەست کردنی کار (فعل)ی گرتەوە وەك کە بگوترێ (تێرم خوارد. . .) (ل ٦٠). . . «لەبارەی بەکارهێنانی وشەی ئاوەڵناوی بێ‌گومانی وەك (جوان) بۆ پەیوەستی کار (فعل) دەتوانین بڵێین لەو تەرزە جێگەیەدا (موصوف)ێکی قرتاو هەیە. کە وەصفەکە دەلالەتی لێ‌دەکا. بە نموونە کە گوتمان (زۆرم خوارد) لێرەدا لە ئەصڵ (خواردنێکی زۆرم خوارد) بووەو وشەی (خواردن) قرتاوە کە (زۆر) دەلالەتی لێ‌دەکاو فیعلی (خوارد)یش ئیشارەی بۆدەکا. . .» (ل ٧٩). . . «لە کوردیشدا وشەیێکی (ئاوەلکار) کە لە مادەی وشەیێکی (ئاوەڵناو)ەوە وەرگیرێت بە ڕشتێکی تایبەتی بۆ بەکاردێت. بە نموونە لە وشەی (جوان) کە ئاوەڵناوە (بەجوانی) دەگوترێ بۆ ئاوەلکار، هەروەها (ئازایانە، مەردانە) ئاوەڵەکان لە (ئازا، مەرد) وەرگیراون. . .» (ل ٧٩). . . «بە نیسبەت ئەوەوە کە بگوترێ ئاوەڵناو لەوانەیە ببێتە ناو وەك (زانا هات)، لێرەدا هیچ سروشت و تایبەتیێکی ئاوەڵناو دەخلێ بەسەر ڕستەکەوە نی‌یە چونکە. (زانا) بۆتە (ناوی تایبەتی ـ اسم علم). . .» (ل ٨٠). . . هەندێ شتی تێکەڵ بەیەك کردووە. . .

لە ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەکردنی زماندا، وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەشێکی دی ئاخاوتن. لە ئەنجامی ئەو ڕاگوێزانەشدا، وشە خاسیەتی پێشووی نامێنێ و شێوەی نوێ وەردەگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ڕستەسازی دەگۆڕێت. بەوێنە وشەی «جوان» لە ڕستەی «کچی جوان زۆرە»؛ «جوان کچێکی باشە»دا دوو بەشی جیاوازی ئاخاوتن و دوو ئەندامی جیاوازی ڕستەن. لەڕستەی یەکەمدا «جوان» ئاوەڵناوەو دیارخەرە. بەڵام هەر ئەو وشەیە لە ڕستەی دووەمدا واتایێکی تری وەرگرتووەو مەبەستێکی دی داوە ـ واتە بووە بە ناوو ئەرکی دیارخراو بەجێ دێنێ. وشەی «جوان» لە سەرەتادا هەر ئاوەڵناو بووە، بەڵام دواتر ـ واتە لە ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی زماندا ـ وەك ناوی تایبەتی کەوتۆتە کار. وشەی «پیاوانە» لە ڕستەی «مام بارام جلی پیاوانە دەفرۆشێ»دا ئاوەڵناوە، چونکە وەسفی ناو دەکا. بەڵام ئەگەر بوترێ «ئازاد پیاوانە دانیشتووە»، ئەوە وشەی «پیاوانە» دەبێتە ئاوەڵکردار، چونکە لێرەدا وەسفی کردار دەکا ـ واتە چۆنیەتی دانیشتن نیشان دەدات. هەروەها لە ڕووی ڕستەسازی‌یەوە ئەرکی جیاواز دەبینن. وشەی «هێمن» لە ڕستەی «ئازاد کوڕێکی هێمنە»دا ئاوەڵناوە؛ لە ڕستەی «هێمن کوڕێکی زیرەکە»دا ناوە؛ لە ڕستەی «دارا هێمن دەڕوێشت»دا ئاوەڵکردارە. بەم جۆرە دەبینین کە وشەی «هێمن» وەك ئاوەڵناوو ناوو ئاوەڵکردار خۆی دەنوێنێ ـ واتە وەك سێ بەشی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێ. . . هەندێ وشە هەن، وەك (دەر، بەر، سەر، لا، پێش، پاش، دوا، ژێر، بن. . .) کە ناوو ئاوەڵکردارن ـ واتە وشەی واتادارن، بەڵام دەتوانن وەك پێشگریش خۆیان بنوێنن. بەوێنە (بەر) لە وشەی لێکدراوی «بەرماڵ»دا یاخود لە ڕستەی «نەسرین چووە بەر هەتاوەکە»دا وشەیە، بەڵام لە وشەی «بەربوون»و «بەردان». . . دا پێشگرە. هەروەها ژمارەیێك پێشبەند، بەوێنە (پێ، تێ، لێ. . .)، وەك پێشگریش خۆیان دەنوێنن، بە نموونە «پێکەنین، پێگەیشتن. . .»، «تێکردن، تێگرتن. . .»؛ «لێدان، لێنان. . .» . . . هتد.

ڕاستە ئەگەر وشەیێك لە بنەڕەتدا ناو بێ نالوێ لە هەمان کاتدا لە ڕیزی ئاوەڵناو یان ژمارەدا دابنرێ. . . بێ‌گومان لێرەدا مەبەست گوێزانەوەی وشە نی‌یە لە بەشێکی ئاخاوتنەو بۆ بەشێکی دی. بەڵێ ناو دەشێ وەك ئاوەڵناو بەکاربهێنرێ، بەڵام ئەو وشەیە ناشێ لەیەك کاتدا ناویش و ئاوەڵناویش بێ.

گوێزانەوەو گۆڕانی وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، دیاردەیێکی هەمیشەیی‌یە لە زماندا، لەبەر ئەوە دابەش کردنی وشە بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا کارێکی گرانە. . بێ‌گومان هەر زمانێکیش لە گواستنەوەو گۆڕانی وشەکانیدا، خاوەنی توانست و تایبەتێتی خۆیەتی. لە زمانی کوردیدا، وەنەبێ هەموو بەشەکانی ئاخاوتن وەك یەك بە ئاسانی بگۆڕێن. بەوێنە ئاوەڵناو زوو دەبێتە ناوو ئاوەڵکردار، پێشبەندو ئاوەڵکردار چالاکتر لە بەشەکانی تری ئاخاوتن دەبنە پێشگر، بەڵام جێناو لەو ڕووەوە کەم توانستە[١٤].

مامۆستا مەسعوود لەوەدا ڕاستە، کە دەڵێ: «بەنموونە کە گوتمان (زۆرم خوارد) لێرەدا بە ئەصڵ (خواردنێکی زۆرم خوارد) بووەو وشەی (خواردن) قرتاوە کە (زۆر) دەلالەتی لێ‌دەکا. . .» (ل ٧٩)، بەڵام کاتێ دەوترێ «خواردنی خۆشم زۆر خوارد» خۆ ئەوە هیچ وشەیێك نەقرتاوەو (زۆر)یش ڕوون و ئاشکرا وەسفی کردارەکە دەکاو گومان لە ئاوەڵکرداری ناکرێت. . .

لیژنە دوای ئەو لێدوان و پێناسەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە لە ئاوەڵناو دواوە. ئەگەرچی لەم بارەیەوە هەندێ جیاوازیی بیروباوەڕ لە نێوان ئەندامانی لیژنەدا هەیە، بەڵام لە ئەنجامدا لە ڕووی پێکهاتنەوە هەروەك ناو، ئاوەڵناویشی بەسەر سادەو ناسادەدا دابەش کردووە. هەرچی ناسادەشە داڕێژراوو لێکدراوی لێ جیاکردۆتەوە.

بەداخەوە، ئەم باسە شتی لاوەکی زۆرتێ ئاخنراوە، کەچی هەندێ شتی سەرەکی و پێویست باس نەکراوە. بەوێنە ئەم باسە چوار لاپەڕە دەبێت و ماکەکەی لە دوو دێر تێ ناپەڕێ. . . کەم و کورتی و ناتەواوی هەرە بەرچاوی ئەم باسەش لەوەدایە کە لیژنە لە چۆنیەتی و جۆری ڕۆنانی ئاوەڵناوی ناسادە نەدواوە ـ واتە باسی ئەو پێشگر و پاشگرانەی نەکردووە کە یاریدەی دروست کردنی ئاوەڵناو دەدەن؛ یاخود باسی شێوازی پێکهاتن و جۆرەکانی ئاوەڵناوی لێکدراوی نەکردووە. . . بە نموونە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر پاشگر و چەند پێشگرێك هەن، دەچنە سەر (ناو یا ئاوەڵناو یا کردار یا ئاوەڵکردار)ی سادەو دەیانکەنە ناوی داڕێژ راو. . . . لیژنە نەك هەر باسی ئەو پاشگر و پێشگرانەی نەکردووەو دەربارەی ئاوەڵناوی داڕێژ راو هیچ شتێکی نەوتووە، بەڵکو سەبارەت بە ئاوەڵناوی لێکدراویش هیچی نەنووسیوە.

پاش ئەوەی لیژنە بەو ناتەواوی و کەم و کورتی یە لە ئاوەڵناوی سادەو ناسادە دواوە، ئنجا هاتۆتە سەر باسی «ئاوەڵناو لە ڕووی گوزارەوە» (ل ٨٥ ـ ٩١). لە سەرەتادا ئەوەی مامۆستایان: سەعید صدقی کابان و تۆفیق وەهبی لەو بارەیەوە وتوویانەو ئەوەی لە کتێبی ڕێزمانی قوتابخانەکاندا نووسراوە خستوویانەتە بەرچاوو ئنجا ئەندامانی لیژنە یەکە یەکە ڕای خۆی لەبارەی «جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە» دەربڕیوە. . . بەداخەوە، ئەم باسەش کەم و کورتی و هەڵەی زۆرە:

بەر لە هەر شت، لیژنە دەبوو وێڕای ئەو سێ سەرچاوەیە،[15] ئەو سەرچاوانەی تریش، کە باسی ئاوەڵناویان کردووە بخاتە پێش چاو، چونکە وەك ئاشکرایە پێش ئەو لێدوانەی لیژنە گەلێ باس و نووسینی تر دەربارەی ئاوەڵناو بلاکراوەتەوە.[16]

ڕەنگە زێدە ڕۆیی نەبێ، ئەگەر بڵێم هەموو ئەندامانی لیژنە (جگە لە مامۆستا مەسعوود محەمەد) لە دابەش کردنی ئاوەڵناوا لە ڕووی واتاوە، تووشی هەڵەی گەورە گەورە بوون. بەوێنە:

١ ـ چ مامۆستا صادق بەهائەدین و چ د. نەسرین فەخری و چ مامۆستا نووری عەلی ئەمین پلەکانی ئاوەڵناویان بە جۆرێك لە جۆرەکانی ئاوەڵناو داناوە لە ڕووی واتاوە. . . وەك ئاشکرایە، پلەکانی ئاوەڵناو فۆرمی جیاوازی یەك وشە نیشان دەدەن و حاڵەتی ڕێزمانین. لەبەر ئەوە هەموو پلەکانی ئاوەڵناو هەر یەك شت نیشان دەدەن، بۆیە ڕاست نی یە وەك وشەی جیاجیا تەماشابکرێن، واتە وشەی نوێ ڕۆنانێن، بەڵکو فۆرمی جۆر بەجۆری یەك وشە دەردەبرن. کەواتە مەسەلەکە وشەگۆڕی یە، نەك وشەڕۆنان. جا بۆیە ناکرێ ئەم کێشەیە بخرێتە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناوەوە لە ڕووی واتاوە.

٢ ـ مامۆستا نووری عەلی ئەمین هەشت جۆر ئاوەڵناوی دیاری کردووە، کە زوربەیان نەك هەر بە ئەسڵ ئاوەڵناو نین، بەڵکو لەو نموونانەشدا کە بۆیانی هێناوەتەوە نە بوون بە ئاوەڵناو و نە دەوری ئاوەڵناو دەبینن. لێرەدا بە پێویستی نازانم لەو بۆچوونانە بدوێم، چونکە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە لاپەڕە (٨٩ ـ ٩١)دا بە شێوەیێکی زانستی ڕەتی کردوونەتەوە. . .

تێکڕای باسی ئاوەڵناو لە کتێبی «ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکان»دا یەکجار سادەو پڕ ناتەواوی و هەڵەیە. . . .

**ئەنجام:**

بەم جۆرە ـ واتە دوای کورتە گەشتێك بەو شەش کارەدا کە دەربارەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا نووسراون ـ ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە زوربەیان سادەو ساکارن و ناتەواوی و هەڵەی زۆریان تێدایەو بەلای زۆر لایەنی باسەکەدا نەچوون و تیشکی ڕووناکی یان ئاراستەی گەلێك ڕووی نەکردووەو ئەنجامێکی سەرکەوتوویان وەدەست نەهێناوە. . .

ئەو نووسەرانەی پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە، ئەگەرچی زوربەیان مەسەلەی وەسفیەتیان لە نەزەر گرتووە، بەڵام هیچ کامێکیان ئەوەیان ڕوون نەکردووەتەوە خاسیەتی شت کە ئاوەڵناو دیاری دەکا لەسەر بناغەی واتای لێکسیکی یان لە ڕێگای پێوەندیی شت بە شتی ترەوە ڕادەگەیەنرێ. . . یاخود پەنجەیان بۆ ئەوە درێژ نەکردووە، کە ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك واتای چۆنێتی و خاسیەت و دەلالەت نیشان دەدا.

بەشێك لە نووسەران لە جۆرەکانی ئاوەڵناو نەدواون، ئەوانەش کە باسیان کردووە، وشەو حالاتی ڕێزمانی و بەشە ئاخاوتنی هەمەجۆریان لەژێر سەرباسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا باس کردووە.

لە باسی ئاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە چەند کێشەیێك دەبینرێ:

١ ـ هەندێ لە نووسەران نە باسیان کردووەو نە بەلایدا چوون.

٢ ـ تێکڕای ئەو نووسەرانەی باسی ئەو پێشگر و پاشگرانەیان کردووە، کە یاریدەی سازکردنی ئاوەڵناوی داڕێژ راو دەدەن، ئەگەرچی لە بەشێکی زۆریان دواون، بەڵام چەند پاشگر و پێشگرێکی چالاك هەن، ناویان نەبردووە.

٣ ـ تەنانەت ئەوانەش کە بەباشی و دوور و درێژی لە جۆرەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو دواون، گەلێ شێوە پێکهاتنی دیار و ئاشکراو گرنگیان یادداشت نەکردووە.

٤ ـ گەلێ جار ئەوە بەرچاو دەکەوێ، کە ئاوەڵناوی داڕێژ راو بە لێکدراو دانراوەو بە پێچەوانەشەوە لێکدراو بە داڕێژ راو ناوبراوە.

مەسەلەی باسی پلەکانی ئاوەڵناو دوو تێبینی بنەڕەتی لێ پەیدادەبێ:

١ ـ لە هەندێ کاردا کێشەی «پلەکانی ئاوەڵناو» لە بەشی «وشەڕۆنان» دا باس کراوەو لە چەند بەرهەمێکیشدا لە باسی «جۆرەکانی ئاوەڵناو»دا لێی کۆڵراوەتەوە. . . وەك ئاشکرایە، لە هەرسێ پلەکانی ئاوەڵناودا مەبەست هەر یەك دەلالەتە، بەڵام جیاوازیی پلەی بەراوردو پلەی باڵا لەگەڵ پلەی چەسپودا، ئەوەیە ئەوان خاسیەتی نیسبی یان تێدایە. پلەی بەراوردو پلەی باڵا شتێك بەجیا نیشان نادەن، بەڵکو نیشانی بەراوردیان دەدەن لەگەڵ شتی تردا. لەبەر ئەوەی هەموو پلەکانی ئاوەڵناو هەر یەك شت نیشان دەدەن، بۆیە ڕاست نی یە وەك وشەی جیاجیا تەماشابکرێن ـ واتە وشەی نوێ ڕۆنانێن، بەڵکو فۆرمی جۆر بە جۆری

...ت وشه دەردەبڕن. کەوابوو مەسەلەکە وشەگۆڕییە، نەك وشەڕۆنان.

... ـ ئەگەرچی باسی پلەکانی ئاوەڵناو لە زۆربەی ئەو کارانەدا بەدی دەکرێ، ... حگە لە هەڵەی زۆر، ئەو ناتەواوییەش دەبینرێ، کە گەلێ ڕێگەی ... جووی ئەو پلانە ناونەبراون.

...ەکان:

... سەعید صدقی، مختصر صرف ونحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل ٢٥ ـ ...

... ئەگەر دیارخراو بە یاریدەی (ە)وە بە دیارخەرەوە ببەسترێ، ئەودەمە نەك هەر ...ەی کۆ، بەڵکو هەموو نیشانەکانی تریش هەر بە دیارخەرەوە دەنووسێن و ...حر و هەرگیز وەریان ناگری. وەك:

... ـ ...ەی (ەکە). بەوێنە:

...چە جوانەکە؛ کوڕە ئازاکە..

... ـ ...نەی (ێك). بەوێنە:

...جیە عەییارێك...

... ـ ...ەی (ەکە + ان). بەوێنە:

...ـرە بەرزەکان؛ بەرخە بچکۆلەکان...

هتد.

...لام ...تو دیارخراو بە یاریدەی (ی)یەوە بە دیارخەرەوە ببەسترێ، ئەوە تەنیا لە ...نیکدا نیشانەکان دەچنە سەر دیارخەر (ئاوەڵناوەکە)، کە دەوری (مضاف ...) ...ی. وەك:

کوڕی ئازاکە

کوڕی ئازایێك

کوڕی ئازایان

کوڕی ئازاکان

...مدا کە ئاوەڵناوی (ئازاکە، ئازایێك، ئازایان، ئازاکان) بەدوا وشەی ...وڕی)دا هاتووە دەوری (مضاف الیە)ی بینیوە، هۆی ئەوەیە کە بە مەبەست ...ت)ە (ئازایە)یەو ئەو ناوەی بەردەمی کە وەسفی دەکا لابراوە.

...) تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩، ل٦١ ـ ٨١.

...) ئەگەرچی ئەرکەکانی ئاوەڵناو لەوە زیاترە، کە مامۆستا تۆفیق وەهبی لێی ...وە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم نووسینەی ئێمە لە ڕووی وشەسازییەوە دەڕوانێتە ...، بۆیە لەو بارەیەوە هیچ تێبینیمان دەرنەبڕیوە.

...) نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ١١١ ـ ...

...) جگەرخوین، آوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١.

...) بۆ زانیاری پتر لەبارەی (ی)ی ناوی مەعناو (ی)ی سیفەی نیسبییەوە، بڕوانە:

أ ـ مەسعوود محەمەد، بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب١، ژ١، بەغدا، ١٩٧٣، ل٢٩ ـ ١٠٢.

ب ـ فارووق عومەر صدیق، وشەسازی لە زمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب٣، ژ٢، بەغدا، ١٩٧٥، ل٤١٧ ـ ٥٢٣.

ح ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧، ل٥٢، ٥٩، ٦٦ ـ ٦٧.

ء ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٩، ل١١٢ ـ ١١٥، ١٢٦.

(٨) محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل ١٦٣ ـ ١٦٥.

(٩) سەرچاوەی ناوبراو، سەعید صدقی کابان، ل٢٦.

(١٠) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ئاوەڵناوی لێکدراوەوە، بڕوانە لاپەرە (٨٧ ـ ٨٩)ی کتێبی «وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا»، بەغدا، ١٩٧٧.

(١١) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە، بڕوانە لاپەرە (٦٥ ـ ٧٢)ی هەمان سەرچاوە.

(١٢) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٧٥ ـ ٩١.

(١٣) بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٩، ل٤٢ ـ ٤٣.

(١٤) بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە، بڕوانە:

أ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٣ ـ ١٥.

ب) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٨٧، ل٣.

(١٥) سەیرو سەمەرە ئەوەشە، بەشێکی زۆری زانیاریی نێو ئەو سەرچاوانەیان بە هەڵە بۆ کارەکەی خۆیان گوێزاووەتەوە. بە نموونە، دەڵێن: «لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا، ئاوەڵناو کراوە بەم بەشانەی خوارەوە:

١ ـ ئاوەڵناوی فرمانی: ئەمیش دەکرێ بە سێ بەشەوە:

١ ـ بکەر، وەك: نووسەر، بکوژ.

٢ ـ کراو، وەك: نووسراو، هەڵکەندراو.

٣ ـ ناوی فرمان، وەك: گریە، پرسە، ترس.

٢ ـ ئاوەڵناوی ئیشاری:

أ ـ ئیشاریی دیار، وەك:

ئەم ـ ئەو

ئەمە ـ ئەمانە

ئەوە ـ ئەوانە

ب ـ ئیشاریی نادیار، وەك:

گەلێك، هیچ، فلان، هین.

٣ ـ ئاوەڵناوی چەندی، ئەمیش دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

١ ـ ئاوەڵناوی چەندیی دیار، وەك:

دە، بیست، هەشت

٢ ـ ئاوەڵناوی چەندیی نادیار

(هیچ میسالی بۆ نەهێناوەتەوە)

٤ ـ پلەکانی ئاوەڵناو: دەیکات بەسێ بەشەوە:

١ ـ پلەی چەسپیو: گەورە، رووت.

٢ ـ پلەی بەراورووی: گەورەتر، رووتتر.

٣ ـ پلەی باڵا: جوانترین، گەورەترین» (ل ٨٦)

بەڵام ئەوەی لە کتێبی رێـزمانی قوتـابخـانـەکـانـدا سەبـارەت بەو کێشـەیـە نووسراوە، بەم جۆرەیە:

*لە کتێبی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا:

١ ـ ئاوەڵناوی چۆنی (ل ٦٦ ـ ٦٧)

٢ ـ پلەکانی ئاوەڵناوی چۆنی (ل ٦٨ ـ ٧١)

* لە کتێبی پۆلی دووەمی ناوەندیدا:

٣ ـ ئاوەڵناوی نیشان (ل ٨٥ ـ ٨٦)

* لە کتێبی پۆلی چوارەمی ئامادەییدا:

٤ ـ ئاوەڵناوی ژمارەیی

أ ـ ئاوەڵناوی ژمارەیی بنجی (ل ١٩ ـ ٢٢)

ب ـ ئاوەڵناوی ژمارەیی تەرتیبی (ل ٢٣ ـ ٢٦)

حـ ـ ئاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی (ل ٢٧ ـ ٣١)

د ـ ئاوەڵناوی نادیار (ل ٣٢ ـ ٣٣)

* لە کتێبی پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا:

٦ ـ ئاوەڵناوی بکەر (ل ٢٧ ـ ٣٤)

٧ ـ ئاوەڵناوی کراو (ل ٣٥ ـ ٤٢)

(١٦) بە نموونە:

أ ـ نووری عەلی ئەمین، ریزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١١١ ـ ١٤١.

ب ـ جگە خوین، آوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١، ل٢٩ ـ ٣٠، ٦٥ ـ ٦٦.

حـ ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل١٦٣ ـ ١٦٥.

ء ـ د. قـەنـاتێ کوردۆ، زمـانێ کوردی، چاپی چوارەم، یەریڤـان، ١٩٧٠، ل٥٠ ـ ٥٤، ٨٩.

هـ ـ د. قەناتێ کوردۆ، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل

و ـ D.N. Mackenzie. kurdish Dialect Studies. London. 1961. pp

... و گەلێکی تر.

---

## ملخص البحث:

# تقييم موجز لستة كتب بحثت عن الصفة

**د. عبدالرحمن الحاج معروف**
**قسم اللغة الكردية بكلية التربية في جامعة بغداد**

لغرض بيـان تعـريف الصفـة والاشـارة الى أنواعها ودرجاتها وعرض بعض مسـائلها اختار البـاحث ستة كتب بحثت عن الموضـوع باللغة الكردية وهي:

١ ـ سعيد صدقي، مختصر صرف ونحو كوردي، بغداد، ١٩٢٨،

٢ ـ توفيق وهبي، دەستووری زمانی کوردی، جـ ١، بغداد، ١٩٢٩،

٣ ـ نوري علي أمين، ريزمانی كوردی، السليمانية، ١٩٦٠،

٤ ـ جگرخوين، آوائو دەستوورا زمانی کوردی، بغداد، ١٩٦١،

---

٥ - محمد امين هوراماني، سەرەتاییك لە فیلولوژی زمانی کوردی، بغداد، ١٩٧٣.

٦ - ریزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی

لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ـ الهیئة لكردية، بغداد ١٩٧٦) وفي سبيل استخلاص نتائج من هذه البحوث المهمة وضع بعض الحقائق الآتية أمام الأنظار:

١ - مع اعتبار الباحثين للمسألة الوصفية عند تصديّهم لتعريف الصفة الّا ان أحداً منهم لم يبين من انّ خاصية الشيء التي توضّحها الصفة تبلّغ على اساس معناها اللكسيكولوجي او عن طريق ترابط الاشياء فيما بينها، أو لم يشيروا الى انّ الصفة - باعتبارها جزءاً من الكلام - توضح المعنى الواقعي والخواص والدلالة.

٢ - لم يذكر قسم من الباحثين أنواع الصفة من حيث المعنى، اما الذين ذكروها فقد حشروا الكلمة والحالات القواعدية والاجزاء المتنوعة من الكلام تحت عنوان «انواع الصفة»

٣ - ثمة مشاكل يجابهها المرء في موضوع تكوين الصفة وهي:

أ - لم يتطرق اليها بعض الباحثين مطلقاً.

ب - والباحثون الذين تحدثوا عن السابقات واللاحقات اللواتي يساعدن على تكوين الصفة المشتقة فاتهم ذكر سابقات ولاحقات اخرى نشيطة.

جـ - وحتى الذين تطرقوا الى انواع الصفات المركبة بتفصيل وجدية لم يذكروا عدة صيغ تكوينية شائعة ومهمة.

د - كثيراً مايشاهد المرء وضعهم الصفة المشتقة محل الصفة المركبة والعكس بالعكس.

٤ - وهناك ملاحظتان رئيستان حول موضوع «درجات الصفة»:

أ - ذكر في بعض هذه الكتب مسألة درجات الصفة تحت باب بناء الكلمة بينما بحث عنها في البعض الآخر في باب «انواع الصفة» علماً بان القصد في الدرجات الثلاث للصفة هو لدلالة واحدة، لكن اختلاف درجة المقارنة والدرجة العظمى كلتاهما مع الدرجة المستقرة هو انهما تحتويان على خواص نسبيّة، حيث لا توضح درجة المقارنة والدرجة العظمى شيئاً مستقلاً لكنها تعرضان المقارنة مع أشياء اخرى. ولأن درجات الصفة جميعها توضّح شيئاً واحداً لذا فليس من الصحيح أن ينظر اليها باعتبارها كلمات متفرقة ويعني هذا انها لاتكوّن كلمات جديدة بل تعبّر عن أشكال متعددة اي ان المسألة هي مسألة تصريف الكلمة وليس بناؤها.

ب - ومع تطرق معظم هذه الكتب الى درجات الصفة فبالاضافة الى وجود اخطاء كثيرة يلاحظ وجود نقص كبير هو عدم الاشارة الى عدة طرق لتكوين هذه الدرجات.